# یاداشتنامەی کۆبوونەوەی جەماوەری پارکی ئازادی

دوای پانزەساڵ لە خۆبەڕێوەبردنی کوردستان، هێشتا زۆر داخوازیو پێداویستی سەرەتایی وەڵامیان وەرنەگرتۆتەوە، خەڵکی کوردستان کەدەیانساڵە ئاواتەخوازی کۆتاییهاتن بە بێمافەکانیانن و لەو پێناوەدا خەباتی زۆرو قوربانی زۆریان پێشکەشکردووە، ماوەی پانزەساڵە بەهۆی دووژمنی دەرەکییەوە چاوپۆشییان لە بێمافەکانی خۆیان و لە ناتەواویەکانی دەسەڵات کردووە. خەڵکی کوردستان ئومێدو چاوەڕوانییان وابوو بە نەمانی رژێمی بەعس کۆتایی بە بێمافیەکانی ئەوانیش بێت، بەڵام بەداخەوە تەنانەت دوای نەمانی ئەو رژێمەش هەم بێمافیەکانی خەڵكو هەم ناتەواوییەکانی دەسەڵات درێژەیان هەیەو بگرە قوڵتریش بوونەتەوە، ئەمانە نارەزایەتی خەڵکی پەرە پێداوەو تووڕەیی خەڵك لەهەموو روویەکەوە رووی لەزیادبوونە.

لەرووی سیاسیەوە ئەوەی خەڵك ئاواتەخوازی بوو بەدینەهات، ئازادیو سەربەخۆیی کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووسەکەی بەهەندێك دەسکەوتی حزبیو تایبەتی لە لەدەسەڵاتی عێراق گۆڕدرایەوە، ناعەدالەتی لە بواری ئابووریدا هەموو یاساکانی بەچۆکدا هێناوە، دەستڕاگەیشتن بەهەر چمکێکی دەسەڵات کۆمەڵێك سەرمایەدارو خاوەن موڵکی لەسەر هەڵتۆقیوە، راستە ئەوان لەچاو فەرمانبەرانی دیکە موچەیان زۆر زیاترە، بەڵام چەند بەرابەری موچەکەشیان ناکاتە نیوەی ئەو سەروەتەی کۆیانکردۆتەوە. کەم نین ئەوانەی چەندین پارچە زەوییان وەرگرتووەو ئەوانەش زۆر زۆرن کە بە پێی مەرجەکانی خۆشیان مافی زەوی وەرگرتنیان هەیە بەڵام تائێستا بێبەشن لێی. دەسەڵاتداران خۆیان و دامودەزگاکانیان بەبەردەوامی لەئاوو کارەبا بەهرەمەندن، بەڵام بۆ خەڵك بەسەعات دیاریدەکەن و ئیستا دەیانەوێت ئەو مەسئولیەتەش لەکۆڵ خۆیان بکەنەوەو بیدەن بەکەرتی تایبەت. بەکورتی ئەوەی خەڵك ساڵەهای ساڵە چاوەڕێ بوو بەرووخانی بەعس و دامەزراندنی ناوچەی خۆبەڕێوەبەر ژیانیان بەرەو ئاسودەییو ئارامیو خۆشگوزەرانی بچێت، پێچەوانەکەی دەبینرێت. ئەمانە نارەزایەتی خەڵکیان پەرە پێداوەو ئەو نارەزایەتیانە لەچەند شوێن تەقیونەتەوەو لەچەند شوێنی دیکەش بەرنامەرێژی دەکرێت بۆ هاتنەمەیدان و خۆنماییش کردنی.

ئێمە خەڵکی شاری سلێمانی بەشێك لەو هێزە جەماوەریە نارازییەین و داوادەکەین ئەم داخوازییانەمان جێبەجێ بکرێت:

1- داوادەکەین ئازادی رادەربڕین و خۆپیشاندان و مانگرتن وەك مافێکی سەرەتایی خەڵكو وەك ریگایەك بۆ خەباتی مەدەنیو دیموکراتیك بەرەسمی بنسرێتو لەو بوارەدا ڕێگری نەکرێت. بەو پێیەش ئەوانەی تەقەیان لەرێپێوانی خەڵك کردووە، ئەوانەی فەرمانی ئەو کارەیان داوەو هەروەها هەموو ئەوانەی توندوتیژییان بەکارهێناوە بە پێی یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێتو بدرێنە دادگا.

2- پێویستیەکانی ئاوو کارەباو سوتەمەنیەکان و خزمەتگوزاریەکانی تر کە پێداویستی سەرەکیو مافی سەرەتایی خەڵکن، دابینبکرێن و چارەسەری یەکجاریو بنەبڕیان بۆ بدۆزرێتەوە.

3- گرانی بازاڕ تەنگی بەخەڵکی ئەم شارە هەڵچنیوە، وەك دەڵێن بازاڕی سلێمانی یەکێك لەبازارە گرانجانەکانی جیهانە، بۆیە داوائەکەین:

أ- نرخ بۆ کاڵاکان دابنرێتو نرخەکان یەکسان بن لەهەموو جێگاکان.

ب- لانی کەمی موچەکان بە پێی نرخی کاڵاکان دیارییکرێت، بەمەرجێك وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی خەڵك بێت.

ج- هەڵگرتنی باج لەسەر ئەو کاڵایانەی بۆ ژیانی خەڵك سەرەتایین و کەمکردنەوەی باج بەشێوەیەکی گشتی، هاوکات کردنەوەی دوکان و بازاڕ لەگەڕەکەکان لەسەر ئەرکی دەسەڵاتو بەنرخی گونجاو کاڵاکانی بۆدابین بکرێت.

4- گەندەڵی ئیداری کە تەواوی مەیدانەکانی ژیانی خەڵكو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی گرتۆتەوە، خەریکە کوردستان بەرەو وێرانی زیاتر پاڵپێوەدەنێت. پارەخواردن و بەرتیلو واسیتەو خزمخزمێنەو..... دەست تێوەردانی حزب لەهەموو مەیدانەکاندا، بواری ژیان و پێشکەوتنی لەم کۆمەڵگایە بەرتەسك کردۆتەوەو بەرەو ئیفلیجی بردووە. داوادەکەین ئەمە

کۆتایی بێت، ئەویش لەرێگای لابردنی گەندەڵەکان و لێپرسینەوە لەکارەکانیان و لەسەرچاوەی سەروەتەکان، وە دانانی لیژنەیەکی هاوبەش لە دەزگا پەیوەندیدارەکان و خەڵك بۆ بەدواداچوونی ئەو کارانە.

5- کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت، ئەویش بە بەرەسمی ناسینی ئەوەی هەموو تاکێکی سەرو 18 ساڵ مافیەتی کە لەشوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی خۆی بەهرەمەند بێت، ئەویش لەرێگای درووستکردنی شوقەی نیشتەجێبوونەوە.

لەکۆتاییدا داوائەکەین دەسەڵاتداران بەگشتی بەبەرپرسیارێتی تەواوەوە ئەم داخوازیانە وەربگرن و مەدەنیانە و شارستانیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

2005/9/17

---

ئەم یاداشتنامەیە لەلایەن (دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی خەڵکی سلێمانی) یەوە ئامادەکراوەو لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا کە لەرۆژی 2005/9/17 لە پارکی ئازادی سازکرا، پەسەندکراوەو رۆژی 2005/9/18 دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی خەڵکی سلێمانی کە بەرێوەبردنی کۆبوونەوەکەشی لەئەستۆگرتبوو، بەنوێنەرایەتی کۆبوونەوەکە یاداشتنامەکەیان پێشکەش بەهەریەك لە پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم( سلێمانی )و سەرۆکی حکومەتی هەرێم (هەولێر) وە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردو لەگەڵ جێگری پارێزگاردا کۆبوونەوەو داکۆکیان لەداخوازیەکان کرد.

ج/ پارێزگاری سلێمانی بەرێز جوتیار نووری هاوراییو لایەنگری خۆی بۆداخوازیەکان راگەیاندو بەڵێنی دا بیانخەنە بەرنامەی کاریانەوە. لەو بارەیەوە دەستەی داکۆکیکردن راگەیاندنی رۆژنامەگەری ژمارە{1}ی بڵاوکردەوە.

هەر لەبارەی ئەو چالاکیەو داخوازیەکانیەوە، دوای کۆبوونەوەی رۆژی 9/13 لە پارکی ئازادی کە دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی خەڵکی سلێمانی تێدا پێکهات، لە 2005/9/16 لەرادیۆو تەلەفزیۆنی ئازادی چاوپێکەوتنێکی یەك سەعاتی لەگەڵ اکرم چاوشین و عەلی مەولودو محمد رەووف ئەنجامدراو هۆکارو ئامانج و رێی و شوێنی کۆبوونەوەکەی 9/17 یان رۆشنکردەوە.

لەکاتی بەرێوەچوونی کۆبوونەوەکەی 9/17یشدا چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن کراو هەریەك لە عەلی مەولود، ئاسۆ کەمال، اکرم چاوشین و نەوزاد صلاح وەڵامی چەندین پرسیاری راگەیاندنەکانیان دایەوە.

---

کۆمیتەی دەرەوەی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عیراق